# پەیوەندی نێوان ئێران و ڕوسیا لە سەردەمی ناسرەدین شا (١٨٤٨- ١٨٩٦)

## توێژینەوەیەک دەربارەی پەیوەندی سیاسی

**نشمیل صابر عبدالله[١] - مهدی محمد قادر[٢]**

[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

پەیوەندی سیاسی نێوان ئێران و ڕوسیا لە سەردەمی دەوڵەتی قاجاری بەدیاریکراوی ماوەی دەسەلآتداری ناسرەدین شای قاجار لە نێوان سالآنی (١٨٤٨-١٨٩٦). کە ناونیشانی ئەو توێژینەوەیە، پەیوەندی سیاسی ئێران و ڕوسیا لەو ماوەیە بە هۆی شکستی ئەو وڵاتە لە شەڕەکانی دژی ڕوسیا و بەستنی هەردو ڕێککەوتنامەی گوڵستان ١٨١٣ و تورکمەنچای ١٨٢٨ کە بە هۆیەوە دەسەلآتی ڕوسەکان لە ئێران زیادیکرد و بەپێی ڕێککەوتنامەکان مافی وەرگرتنی ژمارەیەک جیاوگ و بەستنی ڕێککەوتنامەی سنوری و دامەزراندنی چەندین کونسوڵخانەیان پێدرا. ڕوسەکان بە ئارەزوی خۆیان هەڵسوکەوتیان کردوە و بۆچون و بڕیارەکانی ئێران هیچ نرخێکی لای ڕوسەکان نەبوە و لە بەڕێوەبردنی پیلان و کارەکانیان سەربەخۆیی تەواویان پێوەدیار بو، لەگەڵ هەر نارەزایەتیەک لەلایەن کاربەدەستە پلە بەرزەکانی ئەو وڵاتە ئیتر ڕوسیا لە ڕێگای بەڵێن و بەرتیل بابەتەکەی چارەسەر دەکرد.

شەڕ و ڕێککەوتنامەکانی نێوانیان سەرەڕای زیان و پێبژاردەکان بۆ ئێران ناوچەیەکی فراوان لە خاکی ئەو وڵاتە کەوتە ژێر ڕکێفی ڕوسیا و کاریگەری لەسەر گشت لایەنەکان بەجێهێشت بەتایبەتی یاسای کاپیتولاسیۆن کاتێک لە ئێران جێبەجێکرا، هاتنی ئەلکساندر گریبایدۆف وەکو باڵوێزی ئێران لە سەردەمی فەتحعەلی شا و کوشتنی ناوبراو بەڵگەی ئاشکران لەسەر دەستێوەردانی نایاسایی ڕوسیا لە کاروباری ئەو وڵاتە، ڕوسیا بەردەوام لە هەوڵی فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی لەسەر حیسابی ڕکابەرەکەی واتە بەریتانیا بو لەڕوانگەی ئەمەش لەگەڵ بەدەستهێنانی هەر جیاوگێک لەلایەن بەریتانیا، ڕوسیا بەهەمو ڕێگایەک هەوڵی وەرگرتنی جیاوگی هاوشێوەی داوە، دەکرێ بلێین ململانێی نێوان هەردو دەوڵەتی زلهێز و هەوڵدانیان بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەلآت و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بو بۆ بەهێزبونیان و دەستێوەردانیان لە کاروباری ئێران.

**کلیلە وشەکان:** قاجار، ناسرەدین شا، ڕوسیا، سیاسی، سنور، ڕێککەوتنامە.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper25
**Received:** 25-Aug-2022
**Accepted:** 27-Sep-2022
**Published:** 29-Sep-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
nashmil.abdullah@su.edu.krd
mahdi.qader@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

پەیوەندی سیاسی نێوان ئێران و ڕوسیا لە سەردەمی دەوڵەتی قاجاری بەدیارکراوی ماوەی دەسەڵاتداری ناسرەدین شای قاجار، شوێنی جوگرافیایی کاریگەری لەسەر سیاست و بڕیارەکانی سیاسی ناوخۆیی و دەرەوەی هەر وڵاتێک دەبێت، لەم سۆنگەیەوە هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تر هەبوە، ئاشکرایە ڕوسیاش بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە هیندستان بەردەوام بۆ نزیکبونەوە لە ئێران بە دوای هەلێک دەگەڕا، جێگەی ئاماژە پێکردنە لە پەیوەندی سیاسی ئێران و ڕوسیا لەو کاتە ئێران ناوچەیەکی فراوانی زەوی وڵاتەکەی لە دەستداوە هۆکاری ئەمەش بۆ بێ ئاگایی ئەو دەوڵەتە لە بارودۆخی سیاسی جیهان دەگەڕێتەوە، کە سەربەخۆیی سیاسی ئەو وڵاتەی خستە مەترسییەوە.

بەهۆی ڕێکەوتنامەکانی گوڵستان لە ساڵی ١٨١٣ و تورکمەنچای لە ساڵی١٨٢٨ لە نێوان هەردو دەوڵەت بەمەش ڕوسیا دەسەڵاتی سیاسی فراوانی هەبوە، و شایانی باسە ڕوسیا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئێران لە هیچ هەنگاوێک دریغی نەکردوە و لە بەردەوامی سیاسەتەکەی لەڕێگەی بەرتیل و بەڵێنەکانی هەوڵی نزیکبونەوە لە پیاوانی کۆشک و کاربەدستانی دەوڵەتی داوە.

## گرینگی توێژینەوەکە:

سەردەمی فەرمانڕەویی قاجارییەکان بە سەردەمێکی گرینگ لە پەیوندی دەرەوەی ئێران لەگەڵ وڵاتە ئەورووپییەکان بەتایبەتی ڕوسیا دادەنرێت، پەیوەندی دەرەوەی ئێران لەو کاتە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دواکەوتویی کومەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابوری و سیاسی جێهێشتوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی سیاسی نێوان ئێران و ڕوسیا لە سەردەمی ناسرەدین شا، شارەزابونە لە ڕەوشی ئەو پەیوەندییە و کاریگەرییەکانی لەسەر بارودۆخی سیاسی ئێران و دەرخستنی ڕۆڵی سەدری ئەعزەمەکان و پیاوانی دەوڵەت لەو پەیوەندییە سیاسییە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە ڕونکردنەوەی بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە لەگەڵ ڕوسیا و خستنەڕوی ئامانجی ڕوسیا لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لەو وڵاتە و هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە هیندستان.

## پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:

ئاستی هوشیاری سیاسی شا و بەرپرسە سیاسییەکانی ئێران و هۆکاری ملکەچیان بۆ ڕێکەوتنامە سنوری و سیاسییەکان؟ ڕوسیا بە کام ڕێگا توانی ببێتە زلهێز لە ئێران؟ ڕوسیا چۆن و بۆچی زەوییەکی فراوان لە ئێرانی خستە ژێر دەسەڵات؟ ڕێکارە سیاسیانەی ئێران بۆ ڕوبەروبونەوە لە ڕوسیا گرتەبەر؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژویی و شیکاری بەستراوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی شرۆڤەی پەیوەندی سیاسی نێوان ئێران و ڕوسیا لەسەردەمی ناسرەدین شای قاجار بکەین.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی سیاسی نێوان ئێران و ڕوسیا لە ماوەی (١٨٤٨–١٨٩٦) ڕوندەکاتەوە کە لە دو باس پێکهاتوە، باسی یەکەم بریتییە لە پەیوەندییە سیاسی، لە باسی دوەم تیشک خراوەتەسەر ڕێککەوتنامەکانی سنوری و سیاسی نێوان هەردو وڵات.

## باسی یەکەم :پەیوەندی سیاسی نێوان ئێران و ڕوسیا (١٨٤٨-١٨٩٦)

ناسرەدین جێنشین و حاکمی تەبرێز دوای مردنی محەمەد شای باوکی لە ٤ی ئەیلولی ١٨٤٨، بەیارمەتی باڵوێزەکانی ڕوسیا و بەریتانیا لە تەبرێز گەیشتە تاران و لە تشرینی یەکەمی ١٨٤٨ لە تەمەنی ١٧ساڵی دەسەڵاتی گرتەدەست (رضائی، ١٣٧٧: ج٤، ١٥٥– ١٥٧). هەرچەندە هاتنی ناوبراو بۆ دەسەڵات بێ بەرهەڵستی نەبو، چونکە چەند بزوتنەوەیەکی سیاسی و ئاینی لەم کاتەدا لەئارادا بون و دژایەتی دەوڵەتی قاجاریان دەکرد وەک (بزوتنەوەی ئیسماعیلیە) بە سەرکردایەتی ئاغا خانی مەحەلاتی(المشایخی، ١٩٨٧: ٣٧) و بزوتنەوەی بابی (١٨٤١ – ١٨٥٠) بە ڕابەری سەید عەلی محەمەدی ڕەزا شیرازی (حائری، ١٣٦٤: ٩٠)، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن (نەراقی، ٢٠١٤: ١٢٦).

پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێران و ڕوسیا لە سەردەمی حومکرانی ناسرەدین شا (١٨٤٨ ـ ١٨٩٦) بەپێی بەرژەوەندییەکانی هەردو وڵات دەرکەوتوە، کە فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کاریگەریان بەسەرەوە هەبو.

لەبەرئەوەی ڕوسیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم چەند ناوچەیەکی فراوانی وەک گورجستان، داغستان و ئەرمەنستانی لە ئێران جیاکردەوە، دواتریش ئارەزوەکانی بۆ فراوانخوازی لە زیادبوندا بو، هەر بۆیە لە سەردەمی ناسرەدین شا (١٨٤٨ ـ ١٨٩٦) ڕوسەکان بۆ زیاتر سەپاندنی دەسەلاتیان کەوتنە ململانێ لەگەڵ بەریتانییەکان، هەروەها ڕوسیا دوای سەرکەوتنی لە شەڕەکانی لە دژی ئێران و دواتر بەستنی هەردو ڕێکەوتنامەی گوڵستان ١٨١٣ وتورکمەنچای ١٨٢٨ بەهێزتر لە جاران لە سەر شانۆی سیاسی ئێران دەرکەوت (کرمی، ١٣٩٧: ٧٨).

هەنگاوەکانی سەدری ئەعزەم ئەمیرکەبیر(١٨٤٨ ـ ١٨٥١) لە سەرکوتکردنی شۆرشگێرەکان و دژایەتیکردنی لە دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی ئیران، و ئاگادارکردنەوەی کاربەدەستانی دەوڵەت لە قەدەغەکردنی پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی ڕوسیا و بەریتانیا، تەنانەت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی پەیوەندییە نهێنیەکان ژمارەیەک کەسی بەنهێنی خستە نێو باڵیۆزخانەکان(رائین، ١٣٧٣: ٣٢٨)، هەروەها دوای ئەوەی ئاگاداردەکرێتەوە کە پێش نوێژی هەینی شاری تاران (میرزا ئەبو ئەلقاسم) دیاری لە ڕوسەکان وەرگرتوە، ناسرەدین شا لە بابەتەکە ئاگادار دەکاتەوە و ناوبراویش لە پێش نوێژی هەینی تاران دوریدەخاتەوە(ورهرام، ١٣٦٩: ١٦٧).

ئێران بە هۆی بەستنی ڕێککەوتنامەی تورکمەنچای بێبەشکرا لە هەبونی هێزی دەریایی لە دەریایی خەزەر و هەر بۆیە نەیتوانی ڕێگری لە هێرشی تورکمانەکانی نیشتەجێبو لە کەنارەکانی ڕۆژهەلاتی دەریای خەزەر بۆ ناو خاکەکەی بکات، دوای هێرشەکانی ساڵانی ١٨٣٦ و ١٨٤٠، جارێکی تر لە ساڵی ١٨٥١ تورکمەنەکان هێرشیان کردە سەر بنکەی ڕوسەکان لە ئاشورادە لەو کاتە ڕوسەکان تۆمەتیان خستە ئەستۆی موحەمەد تەقی میرزا زڕبرای شا و حاکمی مازندەران، دوای ئەوەی ئەمیرکەبیر ڕایگەیاند بەرپرسیارەتی هیچ کارێک لە ئەستۆ ناگرێت کێشە کەوتە نێوان پەیوەندی هەردو دەوڵەت، بەڵام بەهۆی پێویستی ئێران لەم قۆناغە بەپاڵپشتی ڕوسەکان لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی ئەمیرکەبیر ناچار بو بەقبوڵکردنی داواکارییەکانیان و لە کارلادانی حاکمی مازەندەران و پێدانی پێ بژاردە بە ڕوسیا(مهدوی، ١٣٩١: ٢٦٦–٢٦٨). لەلایەکی تر ئیران هەوڵیدا بەشێوەیەکی نهێنی بۆ دوبارە وەرگرتنەوەی هەرات لەگەڵ ڕوسیا ڕێکبکەوێت، بەڵام دوای ماوەیەک ئەمیرکەبیر بەرامبەر بە ڕوسەکان بێ ئومێد دەبێت و بریاریدا پێش گرتنی هەرات هێرشی سەر تورکستان بکات(بالمرستون، ١٣٦٢: ٤٦٥–٤٦٦). ئەمیرکەبیر هەر لەم ماوەیەدا هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا دەدات لە ساڵی ١٨٥١ بڕیاری دامەزراندنی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە شاری پترۆسبورگ دەدات(مهربان، ١٣٨٧: ١٦٣) و پێش دورخستنەوەی لە پۆستی سەدری ئەعزەم هەڵسا بە ناردنی ئەندامانی باڵیۆزخانەکە بە سەرپەرشتی میرزا محەمەد قەزوینی بۆ ڕوسیا، هاوکات دالگۆرگی باڵیۆز و کۆنت نسلرود (١٧٨٠ – ١٨٦٢) وەزیری دەرەوەی ڕوسیا دژی کردنەوەی باڵوێزخانەی ئێران بون لە پترۆسبۆرگ(ادمیت، ١٣٦٢: ٥١١). بەمجۆرە دوای کردنەوەی باڵوێزخانەکە میرزا حوسین خان عەزەد ئەلمولک (١٨٥١ ـ ١٨٥٤) وەک باڵیۆز لە ڕوسیا مایەوە(سلیمانی، ١٣٧٩: ١١٠).

دوای ئەوەی ئەمیرکەبیر لە ڕێگەی مەهدعولیا تۆمەتی خیانەت و هاوکاری لەگەڵ ڕوسیایان خستە پاڵی، هەر بۆیە ناسرەدین شا بڕیاری لە کارلادانی ئەمیرکەبیر لە پۆستەکەی و دانانی میرزا ئاغاخانی نوری لە شوێنی دەرکرد(بهنود، ١٣٩٢: ٩٥–٩٧). دەتوانین بڵێین هەڵوێستەکانی بون بە هۆی دژایەتیکردن و پیلانداناں بۆ دورخستنەوەی لە پۆستەکەی، هەرچەندە ئەمیرکەبیر بە پشتگیریکردن لە ڕوسەکان تاوانباردەکرا بە تۆمەتی ئەوەی کە یارمەتی دالگۆرگی باڵیۆزی ڕوسیای داوە بۆ گەیشتن بە پۆستەکەی (وایوانف، ودیگران، ١٣٩٠: ٣٥٢)، بەڵام دواتر بە هۆی ڕێگری ناوبراو لە گەڕانەوەی (بەهمەن میرزا) وەک حوکمرانی ئازەربایجان، لەلایەن فەوجێکی ئازەربایجانی بە (٢٥٠٠) سەرباز کە بە(فوج قهرمانیه) ناسراوە و لەلایەن دالگۆرگی باڵیۆزی ڕوسیا پاڵپشتی دەکران هێرش کرایە سەر ماڵەکەی، بەڵام بەهۆی ڕێزگرتن لە خوشکی ناسرەدین شا کە هاوسەری ئەمیرکەبیر بو و هەوڵەکانی میرزا ئاغاخانی نوری هێرشەکە وەستێنرا ولە کارەکەی دورخرایەوە (ادمیت، ١٣٦٢: ٦٧٦). و دواتر لە ١٨٥٢ بەبڕیاری شا لە حەمام فینی کاشان دەکوژرێت (بهنود، ١٣٩٢: ٩٧).

دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوخۆی ئێران ڕویدا و میرزا ئاغاخانی نوری دوای دورخستنەوەی ئەمیرکەبیر لە پۆستەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێران دەستنیشان کرا، پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا لە ماوەی حوکمڕانی میرزا ئاغاخانی نوری (١٨٥١ –١٨٥٨) دو ڕوداوی چارەنوس ساز بەخۆوە دەبینێت، کە بریتیبون لە ڕێگریکردن لە کەشتی ڕوسی بۆ بەندەری ئەنزەلی و دوەمیان بەستنی ڕێککەوتنامەی نهێنی ئێران و ڕوسیا لە ٢٨ ئەیلول ١٨٥٤ (هدایت، ١٣٣٩: ٧٨٨).

ڕوسیا لەم ماوەیە بەردەوام لە هەوڵی نزیکبونەوە بو لەگەڵ ئێران لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی لە بەرامبەر ڕکابەرەکەی کە بەریتانیا بو، لەلایەکی تر ڕوسیا بە هۆی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بە بیانوی پاراستن و پاڵپشتیکردنی مەسیحییەکانی دانیشتوی دەوڵەتی عوسمانی و مانەوەی کێشەی گەروەکانی بسفور و دەردەنیل لە نێوانیان، لە هەوڵی ئەوە بو کە لەکاتی ڕودانی هەر کێشە و پێکدادانێک لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی سود لە ئێران ببینێت. دەتوانین بڵێین ئەگەر ئێران لەوکاتە سیاسەتێکی ژیرانەی پەیڕەو بکردایە دەیتوانی لەو دەرفەتە زۆرترین دەسکەوت بەدەست بهێنێت. جێگای ئاماژەیە لە ماوەی حوکمرانی سەرۆک وەزیران ئەمیرکەبیر ڕێگەنەدرا بەهاتنی کەشتی ڕوسیا بۆ ناو ئاوەکانی کەنارەکانی ئێران و بەندەری ئەنزەلی بەڵام دوای بونی میرزا ئاغاخان بە سەرۆک وەزیران، ڕوسیا توانی ژمارەیەک کەشتی ڕەوانەی ئەو بەندەرە بکات، بەڵام زۆری نەبرد میرزا ئاغاخان بە هۆی ململانێی لەگەڵ دالگۆرگی باڵیۆزی ڕوسیا لە ساڵی ١٨٥٣ فەرمانی قەدەغەکردنی کەشتی ڕوسی بۆ بەندەری ئەنزەلی دەرکرد، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ناوبراو بکەوێتە بەر ڕەخنە و گلەیی ڕوسەکان، بەڵام دوای گفتوگۆ و نامە گۆڕینەوەیەکی زۆر ڕێگەدرا تەنها کەشتیە بازرگانەکان بچنە نێو بەندەرەکە (تیموری، ١٣٣٢: ٢٥٩–٢٦٣).

گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و هەوڵەکانی ڕوسیا و بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕاکێشانی ئێران بۆ ناو شەڕ و بەکارهێنانی لەبەرژەوەندی خۆیان لە گرینگترین ڕوداوەکانی سەردەمی سەرۆک وەزیران میرزا ئاغاخان بو (مهدوی، ١٣٦٤: ١٥١)، هەر بۆیە لە ماوەی جەنگی قەرم (١٨٥٣ –١٨٥٦) لە نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی، ڕوسیا لە ڕێگای کێشەی سنوری نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا ڕێککەوتنامەیەکی یەکگرتنی سەربازی لەگەڵ ئێران ببەستێت بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بەکاریبهێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی دالگۆرگی باڵیۆزی ڕوسیا متمانەی بە سەرۆک وەزیران میرزا ئاغاخان نەبو بۆ خستنەڕوی ئەو پێشنیارە بۆیە ویستی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخاتە بەردەم ناسرەدین شا و لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٥٣ کاتێک جەنراڵ بیتوف فەرماندەی سوپای ڕوسیا لە شەڕ دژی تورکەکان لە دەوروبەری ئەرزەرۆم گەیشتە نەخجەوان لە ڕێگەی دالگۆرگی گفتوگۆیەکی نهێنی لەگەڵ ناسرەدین شا ئەنجامدا، هەرچەندە میرزا ئاغاخان هەواڵی لە چاوپێکەوتنەکە هەبو بەڵام لە ناوەڕۆکی کۆبونەوەکە ئاگادارنەبو (مجد، ١٣٧٣: ٢١٥–٢١٦).

نوێنەری ڕوسیا ویستی لەڕێگەی پێشنیارە داراییەکانی بۆ ئێران ئامانجەکەی جێبەجێ بکات، بەڵام کاتێک ناسرەدین شا بۆ ڕاوێژکردن سەبارەت بەم بابەتە بانگهێشتی سەرۆک وەزیران میرزا ئاغاخان دەکات و ناوبراو توانی باوەڕ بە شا بهێنێت، کە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕوسەکان لەم قۆناغە لە بەرژەوەندی ئێراندا نییە، لەلایەکی تر بەریتانیا و فەرەنسا و دەوڵەتی عوسمانی داوایان کرد لەشەڕەکە بێلایەن بێت، بەڵام سەرکەوتنی ڕوسیا لە سەرەتای شەڕەکە دلەڕاوکێی نزیکبونەوە لە ڕوسیای خستە بیری ئێران و لە ٢٨ی ئەیلولی ١٨٥٤ ڕێکەوتنامەیەکی نهێنی لە نێوان نیکۆلا ئانچیکۆف (Nicolai Antichkov) نوێنەری ڕوسیا و ناسرەدین شا و سەرۆک وەزیران میرزا ئاغاخان لە تاران مۆرکرا، کە گرنگترین خاڵی ڕێککەوتنامەکە بریتیبو لە یارمەتی نەدانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن ئێران و ڕێگانەدان بە تێپەڕبونی کەرەستەی جەنگی لە خاکی ئێرانەوە (بیگدلی: ٦٦)، لەبەرامبەردا ڕوسیا لە کۆتا قیستی پێبژاردەی ڕێککەوتنامەی تورکمەنچای خۆش بێت (قزوینی، ١٣٨٨: ٨).

هەرچەندە لێخۆشبونی ئێران لە پێبژاردەکانی بە سەرکەوتنێکی گەورە هەژمارکرا، بەڵام ئاشکرابونی ڕێکەوتنامەکە توڕەیی بەریتانیایی لێکەوتەوە، دەکرێ بڵێین ڕۆڵی میرزا ئاغاخان لەو کاتە بۆ پاشگەزکردنەوەی شا لە لایەنگری ئاشکرای ڕوسەکان لە دژی هاوپەیمانەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێت، تەنانەت سەرۆک وەزیران میرزا ئاغاخان ڕازی بو بە هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامەکە و ئامادەیی پیشاندا کە لە دژی ڕوسیا بوەستێت. بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە دەبێت ناوچەی قەفقاز دوای شکستی ڕوسیا لە شەڕەکە بۆ ئێران بێت، هەرچەندە بەریتانیا دژی ئەو داوایە بو بەڵام نەیدەویست بە وەڵامی نەرێنی جارێکی تر ئێران لە ڕوسیا نزیکبکاتەوە، هەر بۆیە تا کۆتایی شەڕەکە گفتوگۆکان درێژەی کێشا، هەر بۆیە دوای تەواوبونی شەڕی قەرم بەریتانیا ڕایگەیاند کە بەپێشنیارەکەی ئێران ڕازی نییە، هەرچەندە ئێران بە کردار بەشداری لەو شەڕە نەکرد بەڵام هەردو دەوڵەتی دراوسێ بەدرێژایی شەڕەکە لە هەڵوێستەکانی ئێران دڵشکاو بون(بیگدلی، ب.ت: ٧٠ –٧٤).. جێگای ئاماژەیە

هەوڵەکانی ڕوسیا بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی و ڕێگەگرتن لە بەرەوپێشچونی بەریتانیا بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بو، یەکێک لە بیرۆکەکانیشی بریتیبو لە هاندانی ئێران بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان و پاشان بۆ هیندستان هەنگاو بنێت (البياتي، ١٩٨٤: ١٦٢).

پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئێران وڕوسیا دوای مردنی ئیمپراتۆر نیکۆلای یەکەم لە ساڵی١٨٥٥ وهاتنی ئیمپراتۆر ئەلکساندری دوەم (١٨٥٥ – ١٨٨١) بۆ دەسەڵات لە ڕوسیا دەچێتە قۆناغێکی نوێ، کاتێک نوێنەری تایبەتی ئەلکساندری دوەم لەگەڵ نوێنەری حاکمی قەفقاز بۆ ڕاگەیاندنی دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی فەرمی گەیشتنە تاران و لەلایەن ناسرەدین شا پێشوازیکران و عەباس قولی خان میرپەنجەی بۆ پیرۆزبایی لە ئەلکساندەری دوەم وەکو باڵیۆز ڕەوانەی ڕوسیا کرد و نازناوی (سیف ئەلمولک)ی پێ بەخشرا. سیف ئەلمولک لە ساڵی ١٨٥٦ لە تەبرێزەوە بەرەو قەفقاز بەڕێکەوت و لە تەفلیس پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، دواتر گەیشتە پترۆسبۆرگ لەلایەن نوێنەرانی کۆشک و ئەندامانی باڵیۆزخانەی ئێران پێشوازی لێکرا، دواترچاویکەوت بە ئەلکساندری دوەم وکۆنت نسلرود (١٧٨٠ – ١٨٦٢) وەزیری دەرەوەی ڕوسیا و نامەی ناسرەدین شا وسەرۆک وەزیران میرزا ئاغاخان کە تایبەت بو بە نزیکی وهاوڕێیەتی نێوان هەردو دەوڵەت پێشکەشیکردن، سیف ئەلمولک لە ماوەی گەشتەکەیدا کە زیاتر لە چوار مانگی خایاند گفتوگۆ کرا دەربارەی هاتوچۆی هاوولاتیان وپەناهەندە و هەڵاتوانی هەردو وڵات، و لە ئەنجامدا لە ڕێککەوتنامەیەک سەبارەت بە هاتوچۆی هاووڵاتیانی هەردو دەوڵەت بۆ خاکی یەکتر مۆر دەکرێت (شميم، ١٣٧٠: ٢٤١-٢٤٣).

شکستی میرزا ئاغاخان لە دەست بەسەرداگرتنی هەرات و بەستنی ڕێکەوتنامەی پاریس لە ساڵی ١٨٥٧، و سەربەخۆیی ئەفغانستان و جیابونەوەی لە ئێران، گەورەترین هەڵەی سیاسی ناوبرا بو کە بەریتانیا سودێکی زۆری لێوەرگرت (طاهری، ١٩٤٧:٤٢٥). دەتوانین بڵێین ڕوسەکان هەر لە سەرەتای هاتنی میرزا ئاغاخان لە دژی کاریان دەکرد بەڵام لاینگری ڕوسەکان لە کۆتایی ماوەی پۆستەکەیدا زیاتر بەمەبەستی دەرخستن و نیشاندانی دەسەڵاتیان بو لە ئێران، باڵوێزی ئەو کاتەی فەرەنسا لە تاران بە ڕاشکاوی ئەو بابەتە دەخاتەڕو کە میرزا ئاغاخان لە لایەک هیوای بە پاڵپشتی ڕوسەکان نەماوە و لە هەمان کاتدا ترسی نزیکبونەوە لە بەریتانیای هەیە(اتحادية، ١٣٧٦: ٢٨٦-٢٨٧).

دوای ئەوەی میرزا محەمەد خان سوپاسالار (١٨٦٤ -١٨٦٦) پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت گەیشتنی ڕوسەکان بە ڕوباری جیحون و خوارەزم لە دیارترین ڕوداوە سیاسییەکان بو(محمود، ١٣٦٧: ج٣، ٩٠٩). ماوەی حوکمرانیەکەی درێژەی نەکێشا میرزا حوسین خان سوپاسالار(١٨٧١-١٨٧٣) بە پاڵپشتی بەریتانییەکان پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت (بامداد، ١٣٦٢: ج٢، ٤١٢). بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە گەیشتنە دەسەڵات سیاسەتێکی پێچەوانەی گرتەبەر و لە سیاسەتی دەرەوە پاڵپشتی ڕوسەکانی کرد، چونکە لەم باوەڕە دابو کە ڕزگاربونی ئێران تەنها بە ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکانی نێوان ئێران و ڕوسیا دێتەدی (تیموری، ١٣٣٢: ٥١). و بە

فەرمانی ناسرەدین شا بە مەبەستی سەرەخۆشی کوشتنی ئەلکساندەری دوەم گەیشتە ڕوسیا (ساسانی، ١٣٣٨: ٩٢). جێگای ئاماژەیە میرزا حوسێن خان لە سیاسەتی دەرەوە سیاسەتێکی (روسوفیلی) واتە لایەنگری ڕوسەکان پەیرەو دەکرد، بە هاندانی یەحیاخان موعتەمەد ئەلمولک کە هاوڕێی ڕوسەکان بو و زینویف باڵیۆزی ڕوسیا لە تاران. دەتوانین بڵێین بێ هیوا بونی لە بەریتانییەکان فاکتەرێکی سەرەکی بو بۆ ئەوەی لە ڕوسەکان نزیک بێتەوە هەر ئەوەش دواتر بوە هۆکاری سەرەکی لە دورخستنەوەی لە پۆستەکەی (اعتماد السلطنە، ١٣٧٦: ٢٧٦).

پەیوەندییەکانی هەردو وڵات بەردەوام بو بەمجۆرە تا هاتنی میرزا یوسف مستوفی ئەلمەمالیک بۆ دەسەڵات، ناوبراو بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٨٨٤ وەکو سەدری ئەعزەم دەست بەکاربو تا ساڵی ١٨٨٦ لەو پۆستە مایەوە، بەڵام بەر لەو کاتەش کاروبارەکانی وڵاتی بەڕێوەدەبرد و بەدرێژایی خزمەتکردنی لە بوارەکانی چاکسازی ئابوری و ئاوەدانی شارەکان بەشێوەیەکی دەستپاک و نیشتیمانپەروەرانە لە خزمەتی وڵاتەکەی بەردەوام بو (اعتماد السلطنە، ١٣٧٦: ٢٨٦-١١).

گرینگترین ڕوداوی سیاسی لە سەردەمی میرزا یوسف ناکۆکی نێوان ئێران و بەریتانیا بو لەسەر ناوچەی کوهەک، کە دواتر جەنەراڵ فردریک گلداسمیت نوێنەری بەریتانیا وەکو ناوبژیوان لە نێوان ئێران و ئەفغانستان کێشەکەی لە بەرژەوەندی ئەفغانستان کۆتایی پێهێنا لە ڕاستیدا لە بەرژەوەندی بەریتانیا کۆتایهات و ناوچەی کوهەک کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئێران (علوی، ١٣٩٨: ١٣٤-١٣٥)، هەروەها شەڕی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی کە بە ڕێکەوتنامەی (سان ئیستفانۆ) لە بەرژەوەندی ڕوسیا کۆتایی هات، بەڵام بەریتانیا کە بە دەرئەنجامی شەڕەکە ڕازی نەبو بۆ ئەوەی ڕوسیا بخاتە نێو کێشەیەکی تر کۆنگرەی بەرلینی ڕێکخست و بە ڕێککەوتنامەیەکی(٦٤) بەندی کۆتایهات، بەمەش ڕوسیا بەشێک لە دەستکەوتەکانی کە لە ڕێکەوتنامەکەی پێشو بەدەستی هێنابو لەدەستیدا، مادەی (٦٠) لەو ڕێکەوتنامەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئێران هەبو لە گەڕانەوەی ناوچەی (قطور) کە لە سەرەتای دەسەڵاتداری ناسرەدین شا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی داگیرکرابو (مهدوی، ١٣٦٤: ٧٧٥).

ئێران لە سەردەمی سەرۆک وەزیران میرزا عەلی ئەسغەرخان ئەتابەک(ئەمین ئەلسوڵتان) ١٨٨٧ ـ ١٨٩٦، لە سیاسەتی دەرەوە بە دو ئاراستە کاری کردوە، یەکەمیان پاڵپشتیکردن بوە لە بەریتانییەکان تا ڕەتکردنەوەی(جیاوگی ڕژی) لە ساڵی ١٨٩١، دوەمیان لایەنگری ڕوسەکان تا کۆتایی سەردەمی ناسرەدین شا. دەکرێ بڵێین ناسرەدین شا و ئەتابەک دوای هەڵوەشانەوەی جیاوگی ڕژی لە ترسی کاردانەوەی بەریتانیا لە ڕوسیا نزیکبونەوە و تەنانەت لە ترسی هەڕەشەی سەربازی لەلایەن بەریتانیا گرنگی زیاتریان بە قۆزاقخانەی ڕوسەکاندا کە ئەمەش بو بە هۆکاری سەرەکی بەهێزبون و زیادبونی دەسەڵاتی ڕوسیا لە دام ودەزگاکانی حکومەت لە ئێران(نوری، ١٣٥٢: ٢٢٦- ٢٢٨)، جێگای ئاماژەیە دوای ئەوەی ئەتابەک لە باڵوێزخانەی ڕوسیا چاوی بە باڵیۆز دوبۆتزوف دەکەوێت خۆشحاڵ دەبن بە هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارە و لەگەڵ پێدانی بەڵێنی هاوکاری ڕوسەکان ناوبراو بەتەواوی دەکەوێتە ژێر سێبەری

ڕوسەکان(فوریە، بی تا: ٢٤٢-٢٤٣)، شایانی باسە ناسرەدین شا ئاگاداری ئەو دیدارە بوە و لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دوبۆتزوف قسەکانی ئەتابەکی بۆ هاوکار نێوانیان پشتڕاستکردۆتەوە(اعتماد السلطنه، ١٣٧٧: ٧٩٢).

هنری درموند ولف(Henry Drummond Wollf)(١٨٨٨-١٨٩١) باڵیۆزی بەریتانیا دوای دیدارێک لەگەڵ ئەتابەک دەڵێت: " ئەتابەک پیاوێکی لێهاتو و تێگەیشتوە، و هەرچەندە بە (ڕوسوفیل) واتە لاینگری ڕوسەکان تاوانبار دەکرێت بەڵام ناوبراو لەو باوەڕەدا بو کە پاراستنی هاوسەنگی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا بۆ ئێران گرنگە، ئەمەش بە هۆی هاوسنوری ئێران لەگەڵ ڕوسیایە کە دەتوانێت تەنها بە هاندانی تورکمەنەکان زیانێکی زۆر بە ئێران بگەینێت، هەرچەندە ئەتابەک درکی بە پێویستی و بەگەڕخستنی شارستانیەتی ئەوروپی کردوە بەڵام ترسی لە دوژمنایەتی ڕوسەکانیش هەبوە"(طاهری، ١٩٤٧: ٥١٤- ٥١٥).

ڕوسیا بەردەوام لە هەوڵی فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی بو لە ئێران و بەهەمو ڕێگایەک هەوڵی وەرگرتنی جیاوگی هاوشێوەی بەریتانییەکانی دەدا، دەکرێ بڵێین ملمڵانێیەی نێوان هەردو دەوڵەتی زلهێز و هەوڵدانیان بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەڵات و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بو بۆ بەهێزبونیان و دەستێوەردانیان لە کاروباری ئێران(شیرازی، ١٣٨٢: ١١٨- ١١٩).

هەرچەندە ڕوسیا وایدەردەخست کە داگیرکردنی خاکی ئێران ئامانجی سەرەکی نییە، جێگری وەزیری دەرەوەی ڕوسیا و.ن.لمسدۆرف (V.N.Lamsdorff) دەربارەی سیاسەتی ڕوسیا لە ئێران بۆ دالگۆرگی باڵیۆزی ڕوسیا لە تاران دەنوسێت: "**مەبەستی سەرەکی ئێمە لە یارمەتیدانی ئێران بە چەندین ڕێگای جیاواز تەنها بۆ بەهێزکردنی ئەو وڵاتە بوە و دور لە هەر مەرامێک بۆ داگیرکردنی خاکەکەی، مەبەستی ئێمە دروستکردنی وڵاتێکی بەهێز و گوێڕایەلە وەکو قەڵغانێک بەرامبەر داگیرکەران**"(نصر، ١٣٦٣: ٣٠٤). ڕوداوەکانی دواتر بە تایبەتی سیاسەتی ڕوسیا لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز ئەوە دەسەلمێنن کە مەبەست لە نوسینەکەی لمسدورف تەنها ڕوکەشێکی سیاسییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕوسیا لە پێناو مەرامە سیاسییەکانی ڕێگری لە پێشکەوتنی ئەو وڵاتە دەکات(کاظم زادە، ١٣٧١: ١٤٧).

پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم لە کاتی دامەزراندنی بنکەی دەریایی لە کەنداوی فارس و بەرەوپێشچونی بەرەو ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست بەهێزتر دەبێت و ڕۆڵی لە ناوچەکانی خواروی ئێران زیاتر دەردەکەوێت(Danvers, 1888: P.383-414) ، بە دامەزراندنی باڵوێزخانەی لە شاری بەسرە لە ساڵی ١٨٨١ توانی یەکەم هەنگاوی سەرەکی بۆ فراوانبونی دەسەڵات لەم ناوچەیە دەستەبەر بکات، و لە نێوان ساڵانی (١٨٨٤- ١٨٨٨) چالاکی ڕوسەکان لە خواروی ئێران زیاتر دەردەکەوێت بۆ نمونە سەردانی ئەفسەری هێزی قۆزاق کاپتن(خونبلومور) بۆ ناوچەکانی ئەسفەهان، شیراز و بوشەهر لە ساڵی ١٨٨٧ بەڵگەیە لە سەر فراوانبونی دەسەڵاتی ڕوسەکان لە خواروی ئێران(جناب، ب.ت: ١١٤-١١٥).

شایانی باسە ڕوسەکان سەرەڕای فراوانبونی دەسەڵاتیان لەو ناوچانە بەڵام زۆر بەوریایەوە هەنگاویان هاویشتوە، لە ساڵی ١٨٩٥ ئەندازیارێکی لێهاتوی ڕوسی لە ڕێگای کرمان بەرەو بەندەر عەباس بەڕێکەوت و لە بەهاری هەمان ساڵ گەیشتە دورگەی هورمز و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی سەبارەت بەناوچەکە ئامادەکرد کە بوە هۆی زیاتر گرینگی پێدانی ڕوسیا بە ناوچەکە و بەمەش هەوڵی نزیکبونەوەی زیاتریان داوە، تەنانەت لە ساڵەکانی ١٨٩٦ بەدواوە بە بیانوی نەخۆشی تاعون ژمارەیەکی زۆر پزیشک بۆ ناوچەکانی بوشەهر، بەندەر عەباس و هورمز ڕەوانە کران(آرنولد، ١٣٦٦: ٢٩٨).

ڕوسیا سەرەڕای بەدەستهێنانی چەندین جیاوگ و پرۆژەی سیاسی و ئابوری لە ئێران و کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی زۆر بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەئاشکرا لە هەنگاوەکانی دەردەکەوێت کە چاوی لە بەرەی باشور بوە و بێوچان هەوڵی بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ کەنداوی فارس و ئوقیانوس هیندی داوە، ئەمەش لەڕێگەی چالاکییەکانی لە سەر سنورەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی خوراسان و کۆنترۆڵکردنی سیستان دەردەکەوێت، مەبەستی سەرەکی ڕوسیا لە لاوازکردنی ڕیشەیی هێزی بەریتانیا لە باشور و کۆنترۆڵکردنی دەریاوانی و دامەزراندنی بنکەیەکی دەریایی خۆی دەبینییەوە(حتی، ١٩٧٥: ٧٩).

هەنگاوەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا زیاتر چوارچێوەی ڕکابەری لەگەڵ بەریتانیا و چەسپاندنی دەسەڵات لە کەنداوی فارس و هیندستان خۆی دەبینیەوە، لەم سۆنگەیەوە ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوسی زیاتر بابەتی سەربازی و ستراتیجی ناوچەکەیان خستۆتەڕو(متولی، ١٣٩٦: ٩٨)، لەلایەن ڕوسیا هۆکاری ئابوری و بازرگانی لە کەنداوی فارس بە پلەی دوەم دێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نێردراوەکانیان لێکۆڵینەوەیان لەبارەی بازرگانی لە بەندەرەکانی بوشەهر و بازرگانی مروارید لەبەندەری عەباس کردوە(موزر، ١٣٥٦: ٣٣٤).

## ـ دامەزراندنی کونسوڵخانە.

جێگای ئاماژەیە کردنەوەی کونسوڵخانەکان یەکێک بو لە بەرەنجامی پەیوەندی دیبلۆماسی و ڕێکەوتننامەکان کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پترۆسی گەورە و شا سوڵتان حسێن(١٦٩٤ -١٧٢٦)ی سەفەوی کە مۆڵەتی دامەزراندنی کونسوڵخانەی لە گیلان وەرگرت، بەمەش کونسوڵخانەی ڕوسیا ساڵی ١٧١٧ لە ڕەشت کرایەوە(نیکتین، ١٣٥٦: ٨٥)، هەروەها بەپێی ماددەی (١٠) لە ڕێکەوتنامەی تورکمەنچای ساڵی ١٨٢٨ ئەو مافە بە ڕوسیا دەدرێت کە لە هەر شوێنێک بیانەوێ مافی دامەزراندنی کونسوڵخانەو نوێنەرایەتی بازرگانیان هەیە(لمبتون، ١٣٦٣: ٢٣٠).

کردنەوەی کونسوڵخانەکان لە سەردەمی ناسرەدین شا لە ئیران بەردەوام بو، دوای بەستنی ڕێککەوتنامەی ئاخال ڕەزامەندی درا لەسەر جێگیربونی کونسولی ڕوسیا لە شاری مەشهەد کە ئەمەش بەهێزبونی دەسەڵاتی سیاسی ڕوسیای لە ناوچەکانی خوراسان و دەوروبەری لێکەوتەوە چونکە بەپێی بەشی (٧)ی ڕێککەوتنامەکە،

ڕوسیا دەتوانێت بۆ ڕێگریکردن لە هەرەشەی تورکمەنەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان بەرپرس و هێزی تایبەت لە سەر سنورەکان جێگیر بکات. شاری مەشهەد لە دیدی ناسرەدین شا و خەڵکی ئێران وەکو شارێکی ئاینی تایبەتمەندی خۆی هەبو و هەر بۆیە شا دژی دەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە بو لەو شارە، ڕوسیا دوای دەست بەکاربونی باڵوێزی بەریتانیا (هنری درموند ولف) لە ئێران جەختی لەسەر کردنەوەی کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە شاری مەشهەد کردەوە، بەڵام دوای دەربڕینی نارەزایی لەلایەن شا کە گوایە شارێکی ئایینیە و خەڵکەکە دژی مەسیحیەکانن کارەکە بێ ئەنجام مایەوە. سەرەڕای هەوڵەکانی ڕوسیا لەهەمبەر دامەزراندنی باڵوێزخانە لە شاری مەشهەد بەشی حەفتەمی ڕێککەوتنامەی ئاخال وەکو بیانویەک کەوتە دەست ڕوسیا و بە دڵنیاییەوە بەریتانیاش لە دوای ڕوسیا ئەمەی بە مافی ڕەوای خۆی دەزانی. گرنگی ستراتیجی ئەو شارە بەهۆی نزیکی لە هەرات لەلایەک دەرفەتی داگیرکردنی ئەو شارەی بۆ ڕوسەکان دەڕەخساند و لەلایەکی تریشەوە بەریتانیا دەیتوانی لەو ناوچەیە بەوردی ئاگاداری جوڵەی ڕوسەکان بێت لە کاتی هەوڵەکانیان بۆ داگیرکردنی هەرات، جێگەی ئاماژەپێکردنە ڕوسەکان هەر لە درەنگانەوە لە ڕێگەی سەرۆک هۆز و پیاوە گەورەکانی خوراسان بە بەڵێن و بەرتیل و هەرەشە و کڕینی زەوی هەوڵیان بۆ ئامانجەکەیان دەدا و بۆ ئەو مەبەستەش عەشق ئابادیان بۆ چالاکییەکانیان هەڵبژارد بو. هەرچەندە ڕوسیا و بەریتانیا بەر لەو کاتە نوێنەریان لە مەشهەد هەبوە و بەرپرسانی بەریتانی وەکو جەنەراڵ مەکلین (Maclean) و سەرهەنگ ئستوارت (Stewart) وەکو بەرپرسێکی سیاسی لەو ناوچانە کاریان دەکرد، بەڵام لە ناوچەیەکی دیاریکراو نیشتەجێ نەبون(کرزن، ١٣٦٧: ج١، ٢٣٧).

ڕوسیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و چاودێری زیاتری بارودۆخەکە کونسوڵ مسیو ڤلاسیڤ (Vlassef)ی لە ناوچەی ڕەشت ڕەوانەی خوراسان کرد و لە ساڵی ١٨٨٩ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە ئێران بۆ دامەزراندنی کونسوڵخانە لە مەشهەد ناوبراو وەکو سەرکونسوڵ دەستنیشانکرا. سەرەڕای ناکۆک بونی شا و پیاوانی دەوڵەت بەڵام ئاگاداربون لە ئاکامی خراپی دژایەتیکردنی ڕوسیا بەمەش جگەلە قبوڵکردن هیچ ڕێگایەکی تریان نەبو، ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کە بەگوێرەی سیاسەتی هەر دو ڕکابەر لەو کاتە بەریتانیا داوای جیاوگی هاوشێوەی بکات. هاوکات لەگەڵ گەیشتنی ڕوسەکان بۆ شاری مەشهەد لە هەمان ساڵ باڵیۆز سیر مورتیمور دوراند (Sir Mortimer Durand) داوای زیادکردنی ژمارەی نوسینگەی کونسوڵخانەکانی لە ئێران کرد، ناسرەدین شا بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز مۆڵەتی دامەزراندنی کونسوڵخانە لەو شارە بە بەریتانیا درا(کاظم زادە، ١٣٧١: ١٩٣-١٩٧)، بەمەش جەنراڵ مەکلین ئەندامی لیژنەی سنوری ئێران و ئەفغانستان لەلایەن بەریتانیا وەکو سەرکونسوڵ ڕەوانەی مەشهەد کرا و تەنانەت زوتر لە ڕکابەرەکەی گەیشتە شارەکە، بەڵام ڕوسیا بە هۆی پیلانگێری و دانانی ڕێ و شوێنی پێشوەختە لە شوێنێکی گەورە و گرنگی شارەکە کونسوڵخانەکەیان کردەوە(کرزن، ١٣٦٧: ٢٣٨). دەکرێ بڵێین دامەزراندنی کونسوڵخانەکانی هەر دو دەوڵەتی ڕکابەر لە مەشهەد کێشەی زیاتر بەدوای خۆیدا هێنا،

بە شێوەیەک کە هەریەکەیان سازشیان لەگەڵ بەشێک لە سەرۆک هۆز و پیاوە گەورەکان کردبو کە لە بەرژەوەندی خۆیان و دژی یەکتر هان دراون و بەمەش بارودۆخی خوراسان بەتەواوی شڵەژا(محمود، ١٣٦٧: ج٤، ١٥٠١).

## باسی دوەم: ڕێککەوتنامە سنوری و سیاسییەکان

کێشە سنورییەکان یەکێک لەو کێشانەن کە لە سەردەمی ناسرەدین شا لە گەل ڕوسیا لەئارادابو و چەندین ڕێککەوتننامەی چارەسەری سنوری لە نێوانیان مۆر کرا کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕو:

### ١ . ڕێککەوتنامەی ئاخال.

کێشەی ناوچە تورکمانەکانی باکوری ئێران و ڕودانی چەند هەڵمەتێکی کوشتن و تالانکردن لە ساڵی ١٧٩٦ لە لایەن ئاغا محەمەدخان (موسوی، ١٣٨٣: ج١، ٩٥–٩٧) و هەڵمەتی ساڵی ١٨٣٢ لەلایەن عەباس میرزا(مخبر، ١٣٢٤: ٧)، هەروەها پشتگوێ خستنی ناوچەکەکانی باکور لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەت و لاوازی دەسەلاتی مەرکەزی لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ناوچەکە ڕێگە خۆشکەرێک بو بۆ ئەوەی تورکمەنەکانی ناوچەکانی (مرو و سەرخس) بە ڕقێکی زۆر لە دژی دەسەلاتی ناوەندی یەکبگرن(موسوی، ١٣٨٢: ٩٥–٩٧). شکستەکانی ئێران بەرامبەر ڕوسیا بوە دەرفەتێک کە ناوچەی تورکستان سەربەخۆییان ڕابگەیەنن، و لە ساڵی ١٨٤٩ (ئاتانیاز محەمەد) وەک نوێنەری محەمەدئەمین خان ئەمیری خوارزم بۆ پیرۆزبایی دەسەلات لە ناسرەدین شا گەیشتە ئێران، پەیوەندییەکانی ناسرەدین شا و تورکستان بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەرکەوت، و لە کاتی ڕودانی شەڕی نێوان ئێران و بەریتانیا تورکمانەکان بەهێزێکی (٦٠٠٠) سوارە پاڵپشتی هێزەکانی ئێرانیان لە دژی بەریتانیا کرد، دەتوانین بڵێین داوای تورکمەنەکان بۆ بەشداربونیان لە شەڕەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تا ئەو کاتەش بەشێک لە تورکمەنەکان ویستویانە لەژێر سێبەر ئێران بن(سپهر، ١٣٥٣: ج٢، ٥٥٨). بەلام ئەو پەیوەندییانە زۆری نەخایاند بە هۆی ڕودانی شەڕی ئاق دەربەند سەرخەس لە ساڵی ١٨٥٥ لە نێوان فەرەیدون میرزا حاکمی خوراسان و محەمەد ئەمین خان حاکمی خوارزم کە بوە هۆی کوشتنی حاکمی خوارزم و ڕوخانی (٣٦) قەلا و بەدیل گرتنی هەشتا بنەماڵە، ڕوسیا بۆ فراوانکردنی سنور و دەسەلاتی ویستی سود لەو دەرفەتە وەربگرێت ئەمەش لە ڕێگەی هاندانی تورکمانەکانی ناوچەکە لە دژی ئێران وجێبەجێ کردنی پیلانەکانی بەجێگیر کردنی هێزەکانی قۆزاق لە ناوچەی خوارزم، کە ئەمە سەرەتای لە دەستدانی ناوچەکانی دەوروبەری جیحونی سازکرد(هدایت، ١٣٣٩: ١٧٦٧)، لە ساڵی ١٨٥٧ دوبارە شەڕ و پێکدادان لە نێوانیان ڕویداوە ئەو شەڕە زیاتر ڕق و قینەی لە دڵی تورکمەنەکان چاند و ورەی بەرزکردنەوە، هەروەها لە ساڵی ١٨٥٨ حاکمی خوراسان سوڵتان موراد میرزا حسام ئەلسەلتەنە لە هەنگاوێکی نهێنی هەفتا کەس لە سەرکردەکانی تورکمەنی بۆ گفتوگۆکردن بانگهێشتی شاری مەشهەدی کرد و لە پیلانێک بۆ تۆڵەی سزاکانیان بەرامبەر خەڵکی شار و گوندەکانی ئێران فەرمانی دەستگیرکردنیانیدا(مهدوی، ١٣٩١: ٢٨٣–٢٨٤).

دوای مردنی سوڵتان موراد میرزا و کوڕەکەی (هەمزە میرزا حشمەت ئەلدولە) شوێنی دەگرێتەوە، لەوکاتە تورکمەنەکان توانیان سود لە ناکۆکی نێوان هەمزە میرزا و قەوام ئەلدەولە وەزیری خوراسان دەربارەی سیاسەتیان بەرامبەر تورکمەنەکان وەربگرن، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٦٠ سەرکردەکانی تورکمەن لە شەڕی مرو لە دژی ئێران سەرکەوتن و ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵیان و پاشان هێرشیان کردە سەر ناوچەی سەرخەس، بەڵام شکستیان هێنا(کلمنت، ١٢٦٧: ١٥٨)، سەرەڕای شکستەکەیان میرزا حوسێن خان سپهسالار هەوڵیدا لە ڕێگای دیبلۆماسی و بە نهێنی سەرانی ناوچەکە ملکەچ بکاتەوە و دوای گفتوگۆیەکی زۆر و ڕەزامەندنی تورکمەنەکان حاکمێک بۆ شاری مرو دەست نیشانکرا و بڕیاردرا (٢٠) کەس لە گەورە پیاوان بۆ وتویژ و ڕێکەوتن بگەنە تاران، بەڵام ڕوسیا دوای بیستنی هەواڵەکە توانی ڕێگری لە چونی وەفدەکە بۆ تاران بکات(محمود، ١٣٦٧: ٢٣٢).

دوای کۆنترۆڵکردنی مرو لەلایەن تورکمەنەکان شەڕ و ناکۆکی باڵی بەسەر سنورەکانی باکوری خوراسان داکێشا بو هەروەها لە کاتی هێرشەکانیان ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانییەکان بەدیل دەگرت و لە ناوچەکانی خیوە، بخارا، مرو دەیانفرۆشت(کاظم زادە، ١٣٧١: ٨٤). لە خۆبایی بونی عەشیرەتی تەکە دوای سەرکەوتن لە شەڕی مرو بوە هۆی تێکچونی یەکریزی تورکمەنەکان، بەڕادەیەک کە عەشیرەتی سالوری و ساروق نیشتەجێ زورئاباد و پنجەدنشین جارێکی تر ڕویان لە ئێران کرد، ئێران دوای شکستی مرو ویستی بە دانانی کەسانی لێهاتو لەسەر سنورەکانی خوراسان و دروستکردتی قەڵا و شورەی بەهێز ڕێگری لە هێرشی تورکمەنەکان بۆ ناو خاکی خوراسان بکات، هاوکات حسام ئەلسەڵتەنە جارێکی تر وەکو حاکمی ناوچەکە دەست نیشانکرا، بەڵام دەستێوەردانی ڕوسیا و بەریتانیا لە ناوچەکە ڕێگربو لە هەر هەنگاوێک بۆ کۆنترۆڵ کردنی دوبارەی ناوچەکە لەلایەن ئێران. ڕوسیا لە نێوان ساڵانی (١٨٦١– ١٨٦٦) بەسەرکردایەتی جەنراڵ ئەلکساندر فون کاوفمن(Konstantin Von Kaufman) فەرماندەی تورکستان و جەنرال ئابراموف بەبێ هیچ بەربەستێک توانی بەشێکی فراوان لە سەمەرقەند، تاشکەند و بوخارا داگیربکات و بەم شێوەیە تا ساڵی ١٨٧٣ ناوچەیەکی فراوانیان داگیرکرد، ئێران لەهەمبەر پێشڕەوییەکانی ڕوسیا بێ دەنگی نواند، چونکە لە هێرشەکانی ئۆزبەک و تورکمەنەکان بۆ سەر سنورەکانی خوراسان ڕزگاریان بو(امینی، ١٣٨٤: ١١٨–١١٩).

کاردانەوەی ململانێکانی نێوان بەریتانیا و ڕوسیا لە سەر ئێران لەو کاتەی بەریتانیا سەرقاڵ بو بە شۆڕشی هیندییەکان و ڕوسیاش لە سەرکەوتنەکانی دڵنیابو بە هۆکاری پشتگوێ خستنی پێشنیارەکانی بەریتانیا سەبارەت بە دانانی سنورێک بۆ هێرشەکانی و داگیرکردنی ناوچەکان دەرکەوتبو، بەڵام لە ١٨٧١ کاتێک میرزا حوسێن خان موشیر ئەلدەولە (سپهسالار) کە بە لایەنگیری بەریتانیا ناسرابو وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێران دەست نیشان دەکرێت بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی بەریتانیا دەگۆڕدرێت و دواتر ڕوسیا لە ترسی لاوازبونی هێز و دەسەڵاتی لە ئێران ساڵی ١٨٧٣ لە دانوستانێک لەگەڵ بەریتانیا بەڵێنیدا لە ڕوباری جیحون نەپەڕێتەوە، بەڵام ملکەچنەبونی ڕوسیا بە دانوستانەکە و تورەبونی بەریتانیا کاتێک درکی بەوەکرد ناتوانێت ڕوسەکان بوەستێنێت هەڵسا بە

داگیرکردنی بەلوجستان و شارەکانی کوبند و قەندەهار بەڵام ئێران هیچ کاردانەوەیەکی نەبو (یزدی، ١٣٥٨: ٢٤٢-٢٤٤). هەروەها لەو کاتەش کە هەواڵی داگیرکردنی ناوچەی (گوگتەپە) لەلایەن جەنراڵ (ئەسکوبلف)ی ڕوسی لە ساڵی ١٨٨٠ گەیشتە ناسرەدین شا بەهۆی دڵنیابونی لە پارێزراوی سنورەکانی باکوری ئێران لەترسی هێرشی تورکمەنەکان دڵخۆشی خۆی دەربڕی، دواتر لە ٢١ی ئەیلولی ١٨٨١ ڕێکەوتنامەی سنوری ئاخال (ناوچەیەکە لە گورجستان) لە نێوان میرزا سەعیدخان مۆتمن ئەلمولک(١٨١٦ -١٨٨٤) وەزیری دەرەوە و ئیڤان زینویف باڵیۆزی ڕوسیا لە تاران و واژوکرا (رمضانی ١٣٦٨: ١٨٥-١٨٧)، بەمەش ئێران دەستبەرداری هەمو مافەکانی لە تورکستان بو و ڕوباری (ئەترک) وەکو سنوری هەردو دەوڵەت دیاریکرا، لە بەرامبەردا پێویستە ڕوسیا ئاسایشی سنورەکانی باکوری ئێران دەستەبەربکات(شمیم، ١٣٧٠: ٢٣٥-٢٣٦). ڕوسەکان بەپێی ڕێککەوتنامەکە جیاوگی زیاتریان پێدرا، بەڵام بە هۆی پیلانی ڕوسیا و هاندانی تورکمەنەکان لە دژی ئێران ڕێککەوتنامەی ئاخال نەبوە بەربەستێک بۆ پاراستنی سنورەکانی ئێران(گلی، ١٣٦٦: ١٦٤). تەنانەت لە بەرژەوەندی تورکمەنەکانیش، چونکە بە هۆی دیاریکردنی سنوری نێوان ڕوسیا و ئیران ناوچەکەیان دابەشبو بەسەر هەردو دەوڵەت و تورکمەنەکانی ئێران بەپێی ڕێککەوتنامەکە هەمو ساڵێک بۆ دابینکردنی لەوەڕگا بۆ ئەوبەری سنور کۆچیان دەکرد و بۆ ئەوەش دەبوایە باج بە هەردو دەوڵەت بدەن، بەڵام دەستنیشانکردنی سنورەکان لەبەرژەوەندی ڕوسیا بو چونکە باشترین جۆری زەویی لە ڕوی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ئێران جیاکرایەوە، هەروەها بە هۆی بونی سەرچاوەی ڕوبارەکان لەخاکی ڕوسیا لە هەر کاتێک دەیتوانی ئاو لە سەر گوندەکانی ئێران ببڕێت، تەنانەت ئێران بەڵێنیدا هیچ گوندێک بە درێژایی ئەو ڕوبارانەی دەکەونە خاکی ڕوسیا دروست نەکرێت بەمەش ئێران لەلایەنی جوگرافیای سیاسی ئابوری زیانی زۆری بەرکەوت(مدنی، ١٣٦٩: ١٦٨).

دەتوانین بڵێین ترسی ئێران لە کاردانەوەی ڕوسەکان هۆکاری ڕاستەوخۆی ملکەچییەکەی بو بۆ ڕوداوەکان (کرزن، ١٣٦٧: ٧٠١)، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی توانا و ڕۆڵی بەریتانیا تاڕادەیەک لاواز دەبێت، لەو کاتەش باڵوێزی ئێران لە لەندەن گلەیی و توڕەیی بەریتانیا لە ڕێگای وەزیری دەرەوە دەگەیێنێتە ناسرەدین شا و ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت : "... ئەگەر هەر لە سەرەتای بەرەوپێشچونی ڕوسیا بەرەو ئاخال و تورکستان، بەریتانیا بە هێزەوە ڕێگریان بکردبوایە ئێستا بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەدەبو، کەواتە دەوڵەتێکی وەکو بەریتانیا نەتوانێت لە بەرامبەریان بوەستێت ئێمە چۆن دەتوانین ئەو کارە بکەین و بە هێزی سەربازی لەبەرامبەریان بوەستین، بۆیە ڕێکەوتنامەی ئاخال تەنها ڕێگەچارەیە و ئێمەش لە ڕوداوەکان دڵخۆش نین و ئیتر بەریتانیا پێویستە لەگەڵ ئێران چارەسەرێک بۆ ڕێگریکردنی زیاتری دەسەڵاتی ڕوسەکان لەو وڵاتە بدۆزێتەوە..." (نورایی: ١٣٣-١٣٧).

جێگای ئاماژەیە هاوکات لەگەڵ پێشرەوی بەردەوامی ڕوسەکان بەرەو سنورەکانی ئێران و داگیرکردنی ناوچەکانی سەرخەسی کۆن و دەوروبەری ڕوباری تجن، شاندێک دیاریکرا بۆ دیارکردنی سنوری باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران و ڕوسیا، بەڵام زێدەڕۆییەکانی ڕوسیا لەو کاتە نەوەستان و بەپێی ویستی خۆیان بەردەوام لە

ڕێگای پێکهێنانی لیژنە و نوسینی پرۆتۆکۆڵ گۆڕانکاریان لە سنورەکان دەکرد، کردەوەکانی ڕوسیا کە ناسرەدین شای بەتەواوی هەراسان کرد وکردەوەکانی بە کارێکی دوژمنکارانە وەسف دەکات و دەڵێت: **"روسیا نیشتمانی ئێمەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئێستا دەیەوێت ئێمە گیانی خۆمانی تەسلیم بکەین"**. دەکرێ بڵێین ڕەوشی سیاسی ئێران تا کۆتایی سەردەمی ناسرەدین لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا بەمجۆرە مایەوە و خراپی هەڵومەرجی قۆناغەکە بۆ هەمیشە وایکرد کە ئێران لە دەستبەسەرداگرتنەوەی ناوچەکانی بێ هیوا بێت (ملایی، ١٣٩٧: ٤٧). هەر چەندە تورکستان بیابانێک زیاتر نەبو بەڵام ڕێگاکانی گەیشتن بە خوراسان، ئەفغانستان و هیندستان لەو بیابانە تێدەپەڕن، هەروەها ناوچەکانی مرو و ئاخاڵ لە ڕوی ئیستراتیجی گرینگی تایبەتی خۆیان هەبو، بەڵام دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ڕوی خاک و بەروبوم هۆکارێکی تری گرینگی پێدانی ڕوسیا بو.

## ٢- پەیماننامەی فیروزە و حەسار

ڕوسیا لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٣ پێشنیاری چاوپێخشاندنی بە ڕێککەوتنامەی ئاخال تایبەت بە دیاریکردنی سنوری باکوری خوراسان لەگەڵ ئێران کرد، و بەمەش کێشەی گوندی فیروزە وحەسار دوبارە خرایەوە بەرباس و گفتوگۆ لە بەرامبەر ئەو زەوییانەی ڕوسیا لە ئازەربایجان بە ئێران دەدات، بەریتانیا بە هۆی گرنگی ناوچەکان کاردانەوەیەکی نەرێنی بۆ کێشەکە هەبو، سەرۆک وەزیران میرزا عەلی ئەسغەرخان ئەتابەک بە سرفرەنک لەسێلز (Sir Frank Lasseles) باڵیۆزی بەریتانیای ڕاگەیاند، کە ناسرەدین شا و سەرۆک وەزیران ڕازی نین بە لەدەستدانی بەشێک لە خاکی ئێران و چەندین مەرجیش لەلایەن ناسرەدین شا داندرا بۆ ئەم بابەتە بەڵام بە هۆی ڕازیبونی ڕوسیا بە مەرجەکانی ناسرەدین شا هیچ ڕێگایەک جگە لە واژوکردنی ڕێکەوتنامەکە بۆ نەمایەوە(کاظم زادە، ١٣٧١: ٢٦٥)، دەرئەنجام لە ٢٧ئایاری١٨٩٣ ڕێکەوتنامەیەکی هەشت بەشی لەلایەن سەرۆک وەزیران میرزا عەلی ئەسغەرخان و بوتزوف باڵوێزی ڕوسیا لە ئێران واژوکرا و بەمجۆرە گوندی فیروزە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیا(شمیم، ١٣٧٠: ٢٥٤-٢٥٨) و لە بەرامبەردا گوندی حەسار درایە ئێران(وحید مازندرانی، ١٣٤٩: ١٤٧). محەمەد حەسەن خان ئیعتماد ئەلسەڵتەنە لە بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنی زەوییەکان لە نێوان ئێران و ڕوسیا دەنوسێت: **" من بە هاوڕێی ڕوسەکان بەناوبانگم ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابم کە بستێک لە خاکەکەم بە ئەوان بدرێت"**، کێشە ڕاستەقینەکە کاتێک دەردەکەوێت کە بەریتانیا دوای کەمتر لە ساڵێک داوای ژمارەیەک دورگە و زەوی لە کەنارەکانی بەلوچستان و کرمان و کەنداوی فارس دەکات(اعتماد السلطنە، ١٣٧٧: ٨٨٠). چونکە بەریتانیا لە هەمبەر ڕێکەوتنامەکە ویستویەتی کێشەکانی لەگەڵ ڕوسیا چارەسەر بکات و بەردەوام لەسەر حیسابی یەکتر هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتیان داوە، و ڕێککەوتنامەکانی نێوان ئێران و ڕوسیا خۆی بەڵگەیە لەسەر بارودۆخی ئەوکاتەی ئێران کە چۆن بەواژوکردنی ئەو ڕێککەوتنامانە زیاتر سەربەخۆیی سیاسی و ئابورییەکەی کەوتۆتە مەترسیەوە.

## ٣ . ڕێككەوتنامەی ئاوئەتەک (آب اتک)

یەكێكە لەو ڕێككەوتنامانەی كە لە ساڵی ١٨٨٤ لە نێوان ئێران و ڕوسیا مۆركرا، ناوەڕۆكی ئەو ڕێككەوتننامەیە لە(٩) بەشی سەرەكی پێكدێت، كە تایبەتە بە ژمارەی دانیشتوان و دارستان و كاروباری چاندن و كاری جوتیاری و قەدەغەكردنی چاندن و بەرهەمهێنانی ژمارەیەک بەروبوم كە دەكەوێتە دەوروبەری ڕوباری ڕودبار لە گوندەكانی زنكنانلوی نویَ كە دەكەوێتە لای ڕاستی ڕوبارەكە و گوندی شەمس خان و چەندین گوندی تر، هەروەها چۆنیەتی و ڕێژەی بەكارهێنانی ئاوی ڕوباری ڕودبار. بەپێی ئەو ڕێككەوتننامەیە گوندی زنكنانلوی نویَ كە دەكەوێتە لای ڕاستی ڕوباری ڕودبار پێویستە ژمارەی دانیشتوانی لە (١٠٠) خێزان زیاتر نەبێت لەگەڵ سنوردارکردنی ڕوبەری زەوی چێندراو، و قەدەغەكردنی برینی دارەكان و گواستنەوەی ئاو لە ڕوبارەكانی گوندەكە بۆ شوێنی تر، هەروەها ڕێگادان بە چاندنی گەنم و جۆ و قەدەغەكردنی چاندنی بەروبومەكانی تر، هەروەها ڕێگەدان بە زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی گوندی شەمس خان لە (٢٠) خێزان بۆ زیاتر و ڕێگەدان بە كشوكاڵكردنی لە سنوری دیاریكراو، هەروەها ڕێگەنەدان بە دروستكردنی بالەخانە و ڕێگای نویَ و تێكدانی ئەو باڵەخانە نوێیانەی نێوان گوندی (شەمس خان و خەرابەی قاسم) و ڕێگریكردن لە چاندنی برنج، پەمۆ، تلیاک لە گشت لقەكانی ڕوباری ڕودبار و لەنێوبردنی ئەو جۆرە بەروبومە. جێبەجێكردنی بڕیارەكە شەش هەفتە دوای دەچونی پەیماننامەكە دەبێت، هەروەها لە پەیماننامەكە باس لە شێوازی دابەشكردنی ئاوی ڕودبار بەر لە گەیشتنی بە دارستانی ئەتەک دەكات، و بابەتێكی گرینگ كە ئاماژەی پێكراوە هەڵبژاردنی (میر آب) پاسەوانەكانی ڕوبارەكە بوە كە بەپێی ڕێككەوتنی نێوانیان چوار كەس لە گوندەكانی توركمەنەكان و چواركەسی تر لە گوندەكانی قزڵباشەكان دەستنیشان بكرێت و پاسەوانە توركمەنەكان لەلایەن ڕوسیا و قزڵباشەكان لەلایەن ئێران لە بەڕێوەبردنی كارەكانیان چاودێرییبكرێن كە زیاتر پەیوەست بون بە پاككردن و خاوێن ڕاگرتنی ڕوبارەكە و ڕێگریكردن لە بەفیرۆ چونی ئاو و بەدواداچون بۆ گرفت و خراپی ڕوباری ڕودبار، هەروەها بەڵێندان و پابەندبونی دانیشتوانی گوندی لوتف ئاباد لە بەكارنەهێنانی ئاوی ڕوبارەكە(رمضانی، ١٣٨٦: ١٩٤-١٩٥).

## 4 . ڕێكەوتنامەی ڕێكخستنی سیستەمی هاتوچۆی هاووڵاتییان.

پەیوەندییەكانی نێوان ئێران و ڕوسیا لەگەڵ هاتنی ئەلكساندەری دوەم بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی ١٨٥٥و دواتر ناردنی نوێنەری خۆی بە ناوی جەنراڵ (بارسلیف) و (بارتولومە)ی نوێنەری حاكمی قەفقاز و پێشوازی كردنیان لەلایەن ناسرەدین شا و هاوكات سەردانی (عەباس قولی خان میر پەنجە) ناسراو بە (سیف ئەلمولک) وەكو ئیلچی گەورە بۆ ڕوسیا بوە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان هەردو دەوڵەت بەرەو پێشەوە بچێت، ناوبراو دوای گفتوگۆ لەگەڵ(نسلرود) وەزیری دەرەوەی ڕوسیا چاوی بە ئیمپراتۆر ئەلكساندەری دوەم كەوت و لە ساڵی ١٨٥٦ ڕێكەوتنامەیەک سەبارەت بە گەشتكردنی هاووڵاتیانی هەردو دەوڵەت لە خاكی یەكتر و پێویستی بونی گوزەرنامە

و ئاسانكاری بۆ هاووڵاتیان لەكاتی گەشتكردن لە نێوانیان واژۆكرا(ولایتی ١٣٧٢: ٣٤٧-٣٥٥). هەر بەپێی خاڵەكانی ئەو ڕێككەوتننامەیە گەشتكردنی هاووڵاتیانی هەردو دەوڵەت بێ بونی گوزەرنامە قەدەغەكرا و لە كاتی دەستگیركردنی هاووڵاتیانی سەرپێچێكەر لەلایەن پاسەوانانی سنوری هەردو دەوڵەت بە شێوەیەكی فەرمی تەسلیم بە باڵیۆزەكانی دەوڵەتی پەیوەندیدار دەكرێنەوەو ئاسانكاری بۆ ئەو هاووڵاتیانەش دەكرێت كە بە شێوەی فەرمی و ڕێگای یاسایی گەشت دەكەن(رمضانی، ١٣٨٦: ١٤٤).

## 5 . ڕێككەوتننامەی ڕاكێشانی هێڵی تلگراف

ڕوسیا دوای هەوڵەكانی بەریتانیا بۆ فراوانكردنی پرۆژەی ڕاكێشانی هێڵی تێلگراف لە ئێران پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئێران بەرەو گرژی دەچێت، بەمەش لە دریژەی هەوڵە سیاسییەكانی بۆ زیاتر فراوانكردنی دەسەڵاتی لەو وڵاتە لە یەكەم هەنگاویدا لە ساڵی ١٨٦٣ توانی جیاوگی ڕاكێشانی هێڵەكانی تێلگرافی نێوان (نەخجەوان – ئیروان) بۆ (تەبرێز – جولفا) بە دەستبهێنێت و دوای چەن مانگێك هێڵی تێلگرافی نێوان (تاران و ئەسترئاباد) یان ڕاكێشا و بەمەش توانی زیاتر لە جاران چاودێری تاران بكات(اعتماد السلطنە، ١٣٦٢-١٣٦٧: ج٣، ١٨٦٦). كۆمپانیای تێلگرافی هیندۆ ئەوروپا كە كۆمپانیایەكی هاوبەشی ڕوسیاو بەریتانیا بو، بە هۆی بونی ناوەندی كومپانیاكە لە مۆسكۆ ڕۆڵی بەرچاوی لە چالاككردنی ڕوسیا لەو بوارە گێڕا و هاوكات لە ساڵی ١٨٦٤ لە نێوان كومپانیای ناوبراو و ئێران ڕێككەوتنامەی ڕاكێشانی هێڵی تێلگرافی نێوان (جولفا- تەبرێز- تاران) بەسترا(قائم مقامی، ١٣٥١: ٨٠). ڕوسیا توانی لە پرۆژەكانی سەركەوتن بەدەستبهێنێت و لە ساڵی ١٨٧٠ بەدواوە سەرجەم ڕێكەوتنامەكانی پەیوەست بە تێلگراف بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران دەستەبەر دەكات و دواتر تواندرا ڕاكێشانی هێڵی تێلگرافی نێوان ڕوسیا و تاران لە ڕێگەی تەفلیس - تەبریز جێبەجێ بكرێت(ابراهامیان، ١٣٨٣: ٧٢).

ڕێكەوتنامەی تێلگرافی نێوان ئێران و ڕوسیا لە ساڵی ١٨٨٠ بۆ ڕاكێشانی هێڵەكان لە نێوان چەكۆشلەر و ئەسترئاباد مۆركرا، ڕێكەوتنامەكە لە حەوت بەش پێكهاتبو كە دوپاتی بەڵێنەكانی هەردو دەوڵەتی دەكردەوە لە هەمبەڕ بەرپرسیارەتیان بۆ جێبەجێكردنی ئەو پرۆژەیە، كارئاسانی ئێران لە كاروباری گومرگی و نیشتەجێبونی بەرپرسانی ڕوسی تایبەت بەو پرۆژەیە و پێشەنگ بونی ڕوسەكان بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی تر لە سود وەرگرتن لەو پرۆژەیە جەختی لێكراوەتەوە. هەر لە سەردەمی ناسرەدین شا چەند ڕێكەوتنامەی تر تایبەت بە ڕاكێشانی هێڵی تێلگراف لە نێوانیان مۆر كراوە، وەك ڕێكەوتننامەی ڕاكێشانی هێڵی تیلگرافی نێوان سەرخەسی كۆن و نوێ كە لە حەوت بەش پێكهاتبو لە ساڵی ١٨٩١ لە نێوان میرزا عەباس خان قەوام ئەلدەولە نوێنەری ئێران و (بوتزف) نوێنەری ڕوسیا واژۆكرا، ناوەڕۆكی ڕێككەوتنامەكە تایبەت بو بەپاراستنی هێڵەكە و چاككردنەوە هێڵەكە لەكاتی پچڕانی، دیاریكردنی نرخی تێلگرافەكان و دیاریكردنی مەرج یاخود هەڵوەشانەوەی ڕێكەوتنامەكە بە ڕازیبونی هەردولایەن. هەروەها ڕێكەوتنامەی ڕاكێشانی هێڵی تێلگرافی ئاستەرا كە لە نێوان موخبەر ئەلدەولە نوێنەری ئێران و بوتزف

وەزیر موختارو ئیلچی تایبەتی ڕوسیا لە ساڵی ١٨٩٤ واژۆكرا و پێنج بەشەكەی ڕێككەوتنامەكە بەگشتی جەختیان لە پاراستن، چاككردنەوە، دیاریكردنی نرخی تیلگرافەكان و دانانی مەرج و هەڵوەشانەوەی ڕێككەوتنامەكە بە ڕازی بونی هەردو لایەن دەكردەوە(رمضانی، ١٣٨٦: ٢٤٥-٢٤٦-٢٤٩-٢٥٠).

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

- ئێران وەکو وڵاتێک کە پێگەیەکی جوگرافی و سیاسی گرینگەی لە ناوچەکە هەبو شوێنی چاوتێبرینی زلهێزەکان بو ئەمەش هەرچەندە لەڕوی توانای هێز و ئابورییەوە لە ئاستێکی نزمتر بو بەڵام لە هەمان کاتدا گرینگی تایبەتی خۆی هەبو.
- سیاسەتی ڕکابەری نێوان زلهێزەکان بەتایبەتی لە نێوان ڕوسیا و بەریتانیا فاکتەرێکی گرینگ بو بۆ دەرکەوتنی پێگەی سیاسی و ئابوری ئێران لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەم.
- بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکانیان لە ئێران ئاستی دیبلوماسیەتی ئێران بەرزبویەوە بە تایبەتی دوای ڕێکەوتنامەی تورکمەنچای ساڵی ١٨٢٨ چونکە مافی کردنەوەی کونسوڵخانەکان و نوێنەرایەتی بازرگانی بە ڕوسیا دا لە تەواوی ئێران.
- ئێران لە یاری سیاسی ڕوسیا زۆر وریا نەبو، چونکە ئەزمونی ئێران بە بەراورد لەگەڵ ڕوسیا لە ڕوی سیاسی و دیبلوماسی جیاواز بو ئەمەش چەندین کێشەی بەدوای خۆیدا هێنا دیارترینیان فراوانبونی دەسەڵاتی ڕوسیا بو لە ئێران.
- ڕوسیا لە پاڵ مەرامە سیاسییەکانی توانی خزمەت بە چەند لایەنی ئێران بکات لەوانەش ڕاکێشانی هێڵی تلگراف بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئێران کە ئەمە توانا و ڕۆڵی سیاسی لە ئێران زیاد کرد و لە هەمان کات ئێرانی گواستەوە قۆناغێکی تر.

# The relationship between Iran and Russia1848-1896
# A research about the political relationship

**Nashmil Sabr Abdullah[1] - Mahdi Muhammad Qader[2]**

[1+2]History Department, Collage of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

The failure of Iran's in the wars against Russia, then the agreement of Gulistan in 1813 and the Treaty of Turkmenchay in 1828 which caused the increase of Russian authority in Iran, according to that agreement Russia got the right to take a number of privileges ،imposition of border agreement and open some consulates. The Russians were able to act as they wished. Iran's authority didn't matter much in managing their plans and works, they followed complete independence. Any protest by Iranian officials and senior officials politically and militarily, Russia would have tried to resolve it through bribes and promises. The result of all the wars and agreements between them was just a big loss and fine by Iran, A wide area of Iran become part under Russian control. this left an impact on all sides especially the capitalist law after it was implemented in Iran. The arrival of( Alexander Griboyedoff) as Russian ambassador in the era of Fath- Ali Shah and then killing the ambassador are clear evidence of Russia's illegal interference in the affairs of that country. Russia was always trying to expand its powers in Iran against its rivals especially Britain. For this reason, whenever getting any privileges by Britain in the same way Russia was trying to get the same privileges. The conflict between Russia and Britain in Iran and their attempts to establish power and more getting their interests were the direct reason for their strengthening and interfering in iran's internal and external affairs.

**Keywords**: Qajar, Nasir Al-Din Shah, Russia, Political, Border, Agreement.

## سەرچاوەکان:

ابراهامیان، براوند (١٣٨٣)، ایران بین دو انقلاب، ترجمه، احمد گمل محمدی، محمد ابراهیم فتاحی، تهران، نشرنی.

اتحادیة، منصوره (١٣٧٦)، گوشەهایی از ڕوابط خارجی ایران، تهران، انتشارات اگاه.

ادمیت، فریدون (١٣٦٢)، امیر کبیر و ایران، تهران، انتشارات خوارزمی.

آرنولد، ویلسن (١٣٦٦)، خلیج فارس، ترجمه، محمد سعیدی، انتشارات علمی و فرهنگی.

اعتماد السلطنه، محمد حسن صنیع الدوله (١٣٧٧)، روزنامه خاطرات، بامقدمه ایرج افشار، تهران، انتشارات امیرکبیر.

اعتماد السلطنه، محمد حسن (١٣٧٦)، صدر التواریخ، بەکوشش محمد مشیری، تهران، ڕوزبهان.

اعتماد السلطنه، محمد حسن بن علی (١٣٦٣-١٣٦٧)، تاریخ منتظم ناصری، تهران.

امینی، علیرضا (١٣٨٤)، تاریخ ڕوابط خارجی ایران از قاجاریه تا سقوط رضا شاه، تهران.

بامداد، مهدی (١٣٦٢)، شرح حال رجال ایران، تهران، گلشن.

بهنود، مسعود (١٣٩٢)، کشتگان برسر قدرت، تهران، نشر علم.

تیموری، ابراهیم (١٣٣٢)، عصر بی خیری یا تاریخ امتیازات در ایران، تهران، اقبال.

جناب، محمد علی (ب.ت)، خلیج فارس، نفوذ بیگانگان و ڕویدادهای سیاسی١٨٧٥- ١٩٠٠، پژوهشگاه علوم انسانی.

حائری، عبدالهادی (١٣٦٤)، تشیع و مشروطیت در ایران، تهران، سپهر.

رائین، اسماعیل (١٣٧٣)، حقوق بگیران انگلیس در ایران، تهران، انتشارات علمی.

رضائی، عبدالظیم (١٣٧٧)، تاریخ ده هزار ساله ایران، تهران، اقبال.

رمضانی، عباس (١٣٨٦)، معاهدات تاریخی ایران، تهران، ترفند.

ساسانی، احمد خان ملک (١٣٣٨)، سیاستگران دوره قاجاریه، تهران، انتشارات بابک.

سپهر، میرزا محمد تقی لسان الملک (١٣٥٣)، ناسخ التواریخ، به کوشش قائم مقامی، تهران، کیانفر.

سلیمانی، کریم (١٣٧٩)، القاب رجال دوره قاجاریه، مقدمه، ایرج افشار، تهران، انتشارات نشرنی.

شمیم، علي اصغر (١٣٧٠)، ایران در دوره سلطنت قاجار، تهران، علمی.

شیرازی، ابو الحسن, امینی، حبیب الله و علیرضا (١٣٨٢)، تحوڵات سیاسی و اجتماعی ایران، تهران، قومس.

طاهری، ابوالقاسم (١٩٤٧)، تاریخ ڕوابط بازرگانی و سیاسی ایران و انگلستان، تهران، انتشارات انجمن اثار ملی.

طباطباییمجد، غلامرضا (١٣٧٣)، معاهدات وقرار دادهای تاریخی در دوره قاجاریه، تهران،بنیادموقوفات محمود افشار یزدی.

فوریه، ژوانس(بی تا)، سەسال در دربار ایران، ترجمه، عباس اقبال اشتیانی، به کوشش، همایون شهیدی، بی جا، دنیای کتاب.

قزوینی، میرزا حبیب الله افشار (١٣٨٨)، سفرنامه سیف الملک، به اهتمام حد گلبن، تهران، وزارت امور خارجه.

کاظم زاده، فیروز (١٣٧١)، روس و انگلیس در ایران(١٨٦٤-١٩١٤)، ترجمه،منوچهر امیری، تهران، اموزش انقلاب اسلامی، ١٣٧١

کرزن، جرج.ن (١٣٦٧)، ایران و قضیة ایران، ترجمه، غلامعلی وحیدمازرانی، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

کلمنت، مارکوم (١٣٦٧)، تاریخ ایران در دوره قاجار، ترجمه، میرزا ڕحیم فرزانه، بەکوشش ایرج افشار، بی جا،نشر فرهنگ ایران.

گلی، امین (١٣٦٦)، تاریخ سیاسی و اجتماعی ترکمن ها، بی جا، ناشر علم.

لمبتون، آن. ک. س (١٣٦٣)، سیری در تاریخ ایران بعد از اسلام، ترجمه، یعقوب آژند، تهران، امیرکبیر.

محمود، محمود (١٣٦٧)، تاریخ روابط سیاسی ایران وانگلیس در قرن نوزدهم، تهران، نشراقبال.

مخبر، محمد علی (١٣٢٤)، مرزهای ایران، تهران، کیهان.

مدنی، جلال الدین (١٣٦٩)، تاریخ تحوڵات سیاسی و ڕوابط خارجی ایران از اغاز قاجار تا انقلاب مشروطیت، قم، دفتر انتشارات وابسته به حوزه علمیه.

مهدوی، عبدالرضا هوشنگ (١٣٦٤)، تاریخ روابط ایران و ڕوسیه از دوره ناصرالدین شاه تاسقوط قاجاریه، تهران، وزارت خارجه.

مهدوی، عبدالرضا هوشنگ (١٣٩١)، تاریخ روابط خارجی ایران، تهران، انتشارات امیر کبیر.

مهربان، اکبری (١٣٨٧)، مریم نژاد، میرزا تقی خان امیر کبیر،تهران، نشر پارسه.

موزر، هنری (١٣٥٦)، سفرنامه ترکستان و ایران، ترجمه، علی مترجم، بەکوشش: محمد گلبن، تهران، سحر.

موسوی، محمد کاظم (١٣٨٣)، دایرة المعارف بزرگ اسلامی، تهران، مرکز دایره المعارف اسلامی.

نصر، سید تقی (١٣٦٣)، ایران در برخورد با استعمارگران، بی جا، شرکت مؤلفان و مترجمان ایران.

نوری، محمود خواجه (١٣٥٢)، تاریخ دیپلماسی ایران، تهران، انتشارات دانشکدەی حقوق و علوم سیاسی دانشگاه تهران.

نیکتین، واسیلی پترڤیچ (١٣٥٦)، خاطرات سفرنامه موسیوب، ترجمه، علی محمد فرەوشی، تهران، کانون معرفت.

هدایت، ڕضا قلی خان (١٣٣٩)، ڕوضه الصفای ناصری، به تصحیح، جشمید کیانفر، قم، چاپ حکمت.

وایوانف، پتروشفسکی. ودیگران (١٣٩٠)، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه، کیخسرو کشاورزی، بی جا، انتشارات پویش.

وحید مازندرانی، غلامعلی (١٣٤٩)، مجموعه معاهدات دوجانبه معتبر دولت شاهنشاهی ایران تا سال١٣٤٩، تهران، وزارت امورخارجه.

ورهرام، غلامرضا (١٣٦٩)، تاریخ سیاسی و سازمانهای اجتماعی ایران در عصر قاجار، انتشارات معین، تهران.

ولایتی، علی اکبر (١٣٧٢)، تاریخ ایران دردوره ناصرالدین شاه، تهران، مؤسسه چاپ وانتشارات وزارت امور خارجه.

یزدی، محمود افشار (١٣٥٨)، سیاست اروپا در ایران، ترجمه، سید ضیاءالدین دهشیری، تهران، انتشارات بنیاد افشار یزدی.

البياتی، احمد باسل (١٩٨٤)، اهميته موقع ايران الجغرافى لامن الاتحاد السوفيتى واثر ذلک في العلاقات بين البلدين ١٩١٨- ١٩٤٦، مجله دراسات الخليج والجزيرة العربيه، العدد (٣٩).

بيگدلی، علی, درابی، سهيلا سخندان، بررسی روابط ايران و روسيه در دوران ميرزا اقاخان نوری، مسکويه، سال (٣)، شماره(١٠).

خاکستر، غلامرضا ازری (١٣٨٨)، پروتکل آب های کلات، پيام بهارستان، سال(٢)، شماره(٦).

علوی، نصرت خاتون (١٣٩٨)، نگاهی به اوضاع سياسی-اجتماعی سراوان در دوره معاصر، پژوهشنامه تاريخ های محلی ايران، سال (٨)، شماره (١).

قائم مقامی، جهانگير (١٣٥١)، سابقه تلگراف در ايران، بررسيهای تاريخی، سال (٧)، شماره(١).

کرمی، جهانگير (١٣٩٧)، ايران و روسيه در گذر تاريخ محيط امنيتی و مسأله تهديد و اتحاد، فصلنامه تاريخ روابط خارجه، سال (١٩)، شماره(٧٥).

متولی، عبدالله، ميتانی (١٣٦٩)، ساره مشهدی، رويکرد سفرنامه‌های خارجی عهد قاجار در مور خليج فارس، فصلنامه تاريخ روابط خارجی، سال (١٨)، شماره (٧٢).

ملايی، مصطفی (١٣٩٧)، بررسی اوضاع سياسی مرو در دوره ناصرالدين شاه، پژوهشنامه خراسان بزرگ، شماره (٣١).

نورايی، فرشته، روابط ايران و انگليس، بررسی های تاريخی ارتش، سال (٦)، شماره(٤).

المشايخی، علی خضر عباس (١٩٨٧)، ايران في عهدنامه ناصرالدين شاه ١٨٤٨-١٨٩٦، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة بغداد، كلية الاداب.

Danvers, F. C (1888), The persian Gulf Route and commerse, A siatic Quarterly Review.